# چۆن خۆشەویستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەدڵماندا زیاد بکەین

[ kurdish – کوردی – كردي ]


شێخ موحەممەد صاڵح المنجد



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# كيف نزيد محبة النبي ﷺ في قلوبنا ؟

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# چۆن خۆشەویستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەدڵماندا زیاد بکەین

**پرسیار :** موسڵمان چۆن دەتوانێت خۆشەویستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەدڵ و دەرونیدا لەهەموو شتێك لە دونیا خۆشەویستر بكات ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەدڵ و دەروونی هەموو موسڵمانێكدا بەندە بەهێزی بیروباوەڕی ئەو كەسە خۆیەوە، هەركاتێك بیروباوەڕ و ئیمانەكەی بەهێز بوو خۆشەویستیەكەشی زیاد دەكات، چونكە خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) طاعەت و هۆكاری نزیك بوونەوەیە لە پەروەردگار، شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامیش خۆشەویستی پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) واجب كردووە .

عن أنس قال : قال النبي صلى الله عليه وسلم : « لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده وولده والناس أجمعين » [ رواه البخاري ( ١٥ ) ومسلم ( ٤٤ ) ].

واتا : پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : باوەڕی هیچ کەسێك لە ئێوە تەواو نابێت هەتاوەکو منی لە باوك ومناڵ و هەموو خەڵکی خۆشتر نەوێت .

دەکرێت خۆشەویستی پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) لەم ڕوانگانەوە بزانرێت :

**یەکەم** : ئەو پێغەمبەرە لە لایەن پەروەردگارەوە ڕەوانە کراوە و هەڵبژاردەی ذاتی هەق تەعالای بەرزو بڵندە بەسەر تەواوی جیهاندا بۆ ئەوەی ئاینەکەی خۆی بگەیەنێت پێیان، لەخۆشەویستی خۆیشی بۆ ئەو پێغەمبەرە لەناو هەموو مرۆڤایەتیدا هەڵیبژارد بۆ ئەو ئەرکە و ڕازیش بوو لێی، خۆ ئەگەر خوای گەورە لێی ڕازی نەبوایە ئەو ئەرکەی پێ نەدەسپارد

و هەڵی نەدەبژارد لەناو تەواوی کەسەکاندا، لەبەر ئەوە واجبە لەسەرمان ئەو کەسەمان خۆش بوویت کە خوا خۆشی دەویت، وە لەو کەسە ڕازی بین کە خوا لیی ڕازی بووە، وە دەبیت ئەوەش بزانین کە محمد خەلیلی خودایە، ئەم پلەو پایەش ئەو پەری خۆشەویستی خودایە بۆ پیغەمبەرەکەی .

عن جندب قال : سمعت النبي صلى الله عليه وسلم قبل أن يموت بخمس وهو يقول : " إني أبرأ إلى الله أن يكون لي منكم خليل فإن الله تعالى قد اتخذني خليلاً كما اتخذ إبراهيم خليلا ولو كنت متخذاً من أمتي خليلاً لا تخذت أبا بكر خليلاً « [ رواه مسلم ( ٥٣٢) ] .

واتا : جوندوب (خوای لێ ڕازی بێت) گێراویەتیەوە و دەڵێت : پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) وەفات بکات، لێم بیست فەرمووی : من ئەستۆم لای خوای گەورە پاك دەکەمەوە لەوەی لەناو ئێوەدا خۆشەویستێکم هەبێت، چونکە خوای گەورە منی گێراوە بە خەلیلی خۆی (واتا خۆشەویستی

خۆی) وەك چۆن ئیبراهیمیشی گێراوە بە خەلیلی خۆی، ئەگەر بهاتایە لەناو ئومەتەکەمدا خۆشەویست و خەلیلێك هەڵبژێرم ئەوا ئەبو بەکرم هەڵدەبژارد .

**دووەم** : دەبێت شارەزای ئەو پلەوپایە و مەقامەبین کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، بەوەی پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیە وسلم) باشترین و ئەفزەڵترین بەشەری ناو مرۆڤایەتیە :

عن أبي هريرة قال : قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : « أنا سيد ولد آدم يوم القيامة وأول من ينشق عنه القبر وأول شافع وأول مشفع » [ رواه مسلم ( ٢٢٧٨ ) ] .

واتا : پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : من گەورە و سەرداری نەوەکانی ئادەمم لەرۆژی دواییدا، وە من یەکەم کەسێکم کە گۆڕ بۆی شەق دەبێت، وە یەکەم کەسێکم شەفاعەت دەکەم و یەکەم کەسێکیشم شەفاعەتم لێ وەردەگیرێت

.

**سێهەم :** دەبێت ئەوەش بزانین ئەو پێغەمبەرە ئازیزە (صلی الله علیه وسلم) لەپێناو گەیاندنی ئەم ئاینە پیرۆزە بەئێمە زۆر نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەی تووش هات و بەسەر زۆر کۆسپی گەورەدا سەرکەوت سوپاس بۆ خوای گەورە، وە دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) زۆر ئازاری چەشت ولێیدرا وقسەی سووك و جنێوی پێدرا، نەك هەر هێندە کەسانی زۆر نزیکی خۆی پشتیان لێ کرد و بە شێت و خەڵەفاو وجادووگەر و شاعیر تاوانباریان کرد، هەر ئەو پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم) پاش ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێکرد لەگەل بێباوەڕاندا جەنگا بۆ ئەوەی بەرگری لە دینەکەی خوای پەروەردگار بکات، بتوانێت بیگەیەنێت بەدەستی ئێمە، بێباوەڕانیش لە بەرامبەردا جەنگان لەگەڵیدا و لەماڵ و خاکی خۆی دەریان پەڕاند و سوپای زەبەلاحیان پێکەوە نا تاوەکو نووری ئیمان و ئیسلام بکوژێننەوە، بەڵام خوای گەورە دینەکەی خۆی سەرخست و بەتەواوی جیهاندا بڵاوی کردەوە .

**چوارەم :** چاولێكردنی هاوەڵان لەوەی تا چ ڕادەیەك پێغەمبەریان خۆش وویستوە، و ئامادەبوون گیان و سەروەت و سامان ومالٌی خۆیانی لەپێناو ئاینەكەیدا بەخت بكەن، زۆر زیاتر لە خۆیان و دایك وباوك و سامانیان ئەو پێشەوا ئازیزەیان خۆش ووێستوە .

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش چەند نمونەیەك باس دەكەین :

عن أنس قال : « لقد رأيت رسول الله صلى الله عليه وسلم والحلاق يحلقه وأطاف به أصحابه فما يريدون أن تقع شعرة إلا في يد رجل » [ رواه مسلم ( ٢٣٢٥ )] .

واتا : ئەنەسی كوڕی مالیك (خوای لێ رازی بێت) ئەڵێت : پێغەمبەرم بینی (صلی اللە علیە وسلم) كاتێك سەرتاش سەرس دەتاشی، هاوەڵان بەدەوریدا دەسوڕانەوە، بۆ ئەوەی تاڵە موویەكی نەكەوێتە سەر زەوی و پیاوێك لەوان هەڵی بگرێتەوە .

وعن أنس رضي الله عنه قال : « لما كان يوم أحد انهزم الناس عن النبي صلى الله عليه وسلم وأبو طلحة بين يدي النبي صلى الله عليه وسلم مُجَوّب به عليه

بحَجَفَة له وكان أبو طلحة رجلا راميا شديد القِد يكسر يومئذ قوسين أو ثلاثا وكان الرجل يمر معه الجعبة من النبل فيقول انشرها لأبي طلحة فأشرف النبي صلى الله عليه وسلم ينظر إلى القوم فيقول أبو طلحة يا نبي الله بأبي أنت وأمي لا تشرف يصيبك سهم من سهام القوم نحري دون نحرك » [ رواه البخاري (٣٦٠٠) ومسلم (١٨١١) ] .

واتا : ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : لەڕۆژی غەزای ئوحوددا کاتێك کە خەڵکی دەوری پێغەمبەریان چۆڵ کرد و شکان، ئەبو طەلحە کە زرێیەکی ئاسنینی لەبەردا بوو بەدەوری پێغەمبەری خوادا هەڵدەسورا و بەرگری لێ دەکرد، ئەبو طەلحە کە پیاوێکی زۆر شارەزا بوو لەتیرهاوێشتندا لەو ڕۆژەدا دوو تا سێ کەوانی بەدەستەوە شکا (هێندە بە تیرەکانی بەرگری لە پێغەمبەری خوا دەکرد )، لەو کاتەدا پیاوێك بە جوعبەیەك تیرەوە تێپەڕی کرد، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی ئەو تیرانە بڵاو بکەنەوە بۆ ئەبو طەلحە، پێغەمبەری خوا سەیری دەکرد و سەرنجی ئەو خەڵکەی دەدا، ئەبو طەلحەش

دەیووت : ئەی پێغەمبەری خوا دایك وباوكم بە فیدات بن سەرت بەرز مەكەرەوە و سەیر مەكە نەوەك تیرێك بەرەت بكەوێت، گەردنم لەپێش گەردنی تۆوەوەیە .

**پێنجەم** : شوێن سوننەتەكانی بكەویت ئیتر سوننەتی قەولی بێت یان عەمەلی، بەجۆرێك سوننتەكانی ئەو بكەیت بە مەنهجی ژیانت وهەنگاو بەهەنگاو شوین پێی ئەو هەڵ بگریت، خۆشەویستیت بۆ سوننتەكانی ئەو بەشێوەیەك بێت گوفتار و كردارەكانی ئەو پێش بخەیت بەسەر گوفتار و كرداری تەواوی خەڵكانی تردا، وە فەرمانەكانی ئەو لە پێش فەرمانی هەموو كەسێكی ترەوە بێت، پاشان شوێن ئەو بیروباوەڕ و عەقیدەیە بكەوین و بیكەین بە مەنهەجی خۆمان كە ئەو و هاوەڵان وشوێنكەوتوانی ئەوانی لەسەر بووە، پاشان شوێن عەقیدە و بیروباوەڕی ئەهلی سوونەت وجەماعەت بكەوین هەتا ڕۆژی دوایی، وە دوور بین لەهەموو بیدعە و زیادەڕۆییەك لەدیندا بەتایبەتی بیدعە وزیادەڕۆییەكانی ڕافیزە (شیعە) و

شوێنکەوتوانیان، چونکە ئەم ڕافیزانە دڵ و دەروونیان پڕە لە ڕق وکینە و توند وتیژی بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) چونکە ووتە و گوفتاری ئیمامەکانیان زۆر بەلاوە پەسەندتر و لەپێشترە تا فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیە وسلم) وە ئەوانیان لەو زیاتر خۆش دەوێت .

لەخوای گەورە داواکارین کە خۆشەویستی پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیە وسلم) زیاتر بکات لەدڵ و دەروونماندا، وە وامان لی بکات کە ئەو پێشەوا ئازیزەمان لە خۆمان و باوك و دایك و منداڵ وسەروەت و سامانی خۆمان زیاتر خۆش بوێت، ئامین یارب العالمین .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام